

محەمەدی کەریمی
رۆژنامەنووسی سەر بە خۆ

# شەیتانی گەورەی ئەمریکایی
# و
# میحوەری شەڕاڕەتی جیهانی

## لە ناو بەحری شین وقووڵ و بێ بنی
## دیموکراسی و ئازادی و جیهانی مرۆڤایەتی
## رۆژهەڵاتی
## سیحراویی و جادووگەر دان .!

- - حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەر لە هەڵبژاردنی ئەحمەدی نیژاد بۆ سەرۆککۆماری بڕیاری گۆڕینی ستراتیژی ئەتۆمی خۆی دابوو . بەڵام کاربە دەستانی حکومەتی تاران زۆر وریایانە وبە خوێندنەوەی شێوەی هەڵس و کەوتەکانی ئەحمەدینژاد، توانیان وڵامی ئەم پرسیارە بۆ جیهان بدۆزنەوە کە گرژی بارو دۆخی ئەتۆمی لە ئەستۆی سەرۆککۆماری تازە هەڵبژاردەدایە و بەم جۆرەیش و تاوەکو ئێرە قەناعەتیان بە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی هێناوە کە گۆڕانی دەسەڵات بووەتە مایە و سەرچاوەی ئەم ئاڵۆزیانە.
ستراتیژییە و هەلێکی لەبار و خۆش و بێ دەردی سەر، ئاقای ئەحمەدینیژادیش خۆی کوری کۆمار و شۆرش وئیسلامە، هەر بۆیە کارتێکی گیان لە سەردەست و فیداکار و هەمیشە ئامادەیە لۆ کاتی پێویستی و........ دەربازبوون لە بار و دۆخی نالەبار و هەر چەشنە بیانوو هێنانەوەیەکی سیاسی و..... دەتوانن تاوانەکان بە گشتی بخەنە ئەستۆی ئەو و لە سەر کاریشی وەلانێن، چ بە گوشاری گروپگەلی گوشار، یان خود بە بڕیارێکی یاسایی بە وێنەی بەنی سەدری یەکەم سەرۆککۆماری پێشوو، تەنانەت لۆ هەتا هەتایە لە ساحەی کۆماری ئیسلامیشی بسڕنەوە.!

سەیرەکە لەوەدایە کە لاچوونەکەیشی وەک لە سەرکاردانانی وایە، دەستکەوتی لێدبێتەوە . ئەوەیە ستراتیژی ڕاست و دروست.

بە هاتنی ئەحمەدینیژاد، کەش و هەوای سیاسی جیهان گۆڕا. هەڵوێستی شەڕی پێشدەستانەی جورج بووش لە ئاست دژبەرەکانی ناوخۆ و دەنگدەرەکانی دابەزی، تەنانەت لە دەرەوەی ئەمریکایش و گۆڕینی هەڵویستی 360 دەرجەیی ئوروپا و...... ئەمانە و زۆر سەرکەوتنی تر بۆ ئێران هاتوونەتە ئاراوە تاوەکو ئێرە، جیا لە وەی ئەم ستراتیژییانە بوونەتە چەترێکی نەجات بۆ ناوخۆ و رێگەخۆشکەرێکی خۆشیشە بۆ بیانووهێنانەوە بۆ چەپۆک پێدادن بە سەر ئازادی و ئازدیخوازاندا .....!

نابودی ئیسرائیل لە سەر رووی زەوی، بەشێکە لەو ستراتیژییەی کە ئەحمەدینیژاد و یارانی پشتیوانی، لۆ وەلانانی دژبەرەکانی ناوخۆیی لە ساحەی سیاسی دەیخەنە گەڕ و لەو لایشەوە ئەمریکا دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی، بۆ لێکدانەوەی جیهان و بینینی نرخدانانی ئەمریکا بۆ مرۆڤەکان بە بێ جێاوازی گشتی و بە بەرچاوی ویژدانی جیهانی مرۆڤایەتی و مرۆڤەکان بە جیا.!

پشتگیری هەمە لایەنەی سپای پاسداران لە سەرکەوتنی ئەحمەدی نیژاد و لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئەم دواییەی ئێران، ئەم پرسیارە دەووروژێنێت کە ئایە هێزەکانی سپا باڵادەستتر لە هەموو هێزەکانی دەسەڵات ڕۆیشتوون و تەنانەت لە بازنەی دەسەڵاتی رێبەریشیان لا نەداوە .؟ تێپەڕاندنێک، کە بە مانای لێکدابڕانە یان بە پێچەوانەوە بۆ پاڵپشتی زیاتری رێبەرییە لە ئاست پەلەقاژێی ئەو باڵە نالەبارەی کە سینگ و چۆکی داکوتاوە و لە مێژە خۆی ئامادە کردووە بۆ معاملە لە گەڵ شەیتانی گەورەی ئەمریکایی .

. ـ گەر بگەرێینەوە ناوخۆی ئێران و ئاوڕێکیش لە کۆمەڵگەی تازە پێگەیشتووی ئەم وڵاتە و ژیانی گەنجەکان بدەینەوە کە زۆرینەی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێکدێنن، دەگەینە ئاکامی ئەو لێکدانەوانەی کە کارناسانی وڵاتانی سوسیالیستی بە تایبەتی لە سەر لیهستان و چکوسلاواکی پێشوو دەریان بڕیبوو کە هەروایش دەرچوو .ئەوان پێیان وابوو کە تەنیا  جموجۆلی ناوخۆی وڵات دەتوانێت دەروازە بەستراوەکانی وڵاتانی کۆمۆنیستی تێک و پێک بشکێنێت و شکاندیشیان .
ئێران و ئەو هەمووە دەرگە ئاسنانەی ئێرانیش، تەنیا و تەنیا بە گوشاری ناوخۆیی و بە تەقینەوەی جۆش و خرۆشی خەڵکی دەگوردرێت نە بە گورزی سەربازی و هێرشی نیزامی ،کە سەرەتا پاکی ئێران دەبێتە بەغا و ئەوسایش نە تەنیا عێراق، بەڵکۆ ڕۆژهەڵات بە گشتی وەک خۆی نامێنێت و جیهانیش بە بێگومان سیمای دەگۆڕێت و.....ڕۆژئاواییەکان باش ئاگەداری ئەم کارەساتانەن و هەر بۆیشە لە ئاست تاران و ئاقای ئەحمەدینیژاد کەمی دەهێنن.

گەر ڕۆژئاواییەکان ڕاست دەکەن و خاسی دەبێژن. چۆن و چڵۆن ئوردوگای شورەوی پێشوویان بە مافی مرۆڤ گێژ و وڕ و کاس کرد، هەر بەو جۆرەیش لە تەک ئێران و ئێرانییەکانیشدا بێنە کایەوە.
بۆ لێکهەڵوەشان تەنیا ئیرادەی گەلە کە دەتوانێت دەسەڵات هەڵتووتەکێنێت.!ئەگینا، غەیری ئەوە، واتە سناریۆی ڕەش و رۆژی ڕەش و چارەنووسی نادیار و لێکدابڕانی پەیتاپەیتای بە دواوەیە و ....گەر بیر کردنەوەکان قووڵ و مەنتیقی نەبن ، شار بەر لە شاخ دەخنکێنێت و.... مێژوو ، زۆر لە مێژە ئەو ڕاستییەی سەلماندووە چ بە خۆشی ، چ بە ناخۆشـــی .!

دەبێت بزانین ئەقڵی کۆ دەڵێ چـی ؟
ئایە ئـەم دوو شەیتان و میحوەر شەیتانییەی هەر دوو جیهانی تیرۆر و دژەتیرۆر ئاخۆ دەگەنە چـی .؟؟

داهاتووی نزیکی عێڕاق وڵامی ئەم مەترسییە پڕ لە هەڕەشانە دەدەنەوە و پێمان ئێژن چی بە چییە و چی بە سەر چییەوەیە.!
ئایە بە بۆمب و ئەتۆم و وێرانی و لەناوچوون و ئاوارەیی و سەرگردانی و.....وڵامی جیهان و مرۆڤایەتی دەدەنەوە.؟ یان دیالۆگ و دانیشتن و لە یەک گەیشتن دەبێتە پێکگەیشتنی شەیتانە گەورەکانی ئەم جیهانە و......؟؟ دوایی چـــی .؟
تۆ بڵێی جیهانی نێوان دووجەمسەری شەیتانی گەورە و میحوەری شەڕارەت چۆن و چی بێت .؟
ڕەنگە جیهان، ئەو جیهانەی پێ سەیر بێت ،بە تایبەت کورد.
تۆ بڵێی هەروایش نەبێت و هەروایش دەرنەچێت.؟

مەگەر ناڵێین سیاسەت هونەری موومکینە.! هەر لەسەر ئەو بنەمایەیشە :
کە لە سیاسەتدا هیچ شتێک غەیرە موومکین نییە ./

31 . 05 . 2006 __________ ئۆسلۆ . نۆرویژ